# کۆباسی پینجەم

## ئیعجازی قورئان لەقوڵایی دەریاکاندا

ئەم کۆباسە ئیعجازی زانستی لە بوارەکانی دەریاناسی‌دا دەخاتە روو:

* وەصفی دەریا لەنێوان واقیع و قورئانی پیرۆزدا.
* گروپی چالنجەر و وێستگەی دەریاکان.
* نەمانی رەنگ لە قوڵایی دەریاکاندا.
* گڕی ناخی دەریاکان و یئعجازی فەرموودەیەك.

## بەشی یەکەم:

قورئانی پیرۆز ووتەی خوایە، قورئانی پیرۆز ئەو بەها ئاسمانیانەی تێدایە کە جەوهەری ئاراستەکردنیان لەخۆگرتووە بۆ مرۆڤ کەلەسەری بڕوات، پەیڕەوی بکات لە خودو ئاکاری خۆیدا، بەو جۆرە دەبێت بە مرۆڤێکی هیدایەت دراوو خاوەنی بەختەوەری دنیاو قیامەت، واتە: رێبەرێکە بۆ کۆنترۆڵ کردنی جوڵەی مرۆڤ لەژیاندا، لەسەر ئەم زەوی‌یەدا بەڵام رێگر چی‌یە ئەگەر ئەم قورئانە پیرۆزە چەند ئیعجازێکی زانستی تێدا بێت بۆ هەموو نەوەیەك تارۆژی دوایی.

وەك خوای گەورە دەفەرموویت: (سنريهم أياتنا في الافاق وفي انفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق) [1] واتە: بەلگەتان پیشان دەدەین تا بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەرکەویت کە ئەم قورئانە بەحەق نازل بووە وە لەپەروەردگارەوە هاتووە.

---

[1] فصلت / ٥٣ .

خشتەیەك هەیە كە لە ئەنجامی كۆكردنەوەی زانیاری مرۆڤ و شارەزایی سەبارەت بەگەشت كردن بەدەریادا وە سازدانی وەلیكۆڵینەوەی زانستی‌یەوە بە ئاكامی گەیاندووە كە ئەو خشتەیە لەلایەن (U.N)ەوە دروست كراوەو وەرگیردراوە بۆ سەر زمانەكانی جیهان بۆ ئەوەی هەموو كەشتیوانیك بەكاری بهینیت لەو كاتەدا كەگەشت دەكات بەناو دەریادا ئەو خشتەیە ئەم زانیاریانەی تیدایە:

١)هیزی (با).

٢)خیرای‌یەكەی.

٣)ناوی (با)یەكە.

٤)حالەتی دەریا.

٥)تیكرا بەرزبونەوەی شەپۆلی دەریاكە.

پاش ووردبوونەوە لەو خشتەیە: كە ١٢ جۆر (با)ی تیدایە، لەگەل هەموو (با)یەكدا حالەتی دەریا ئەگۆریت، واتە: پەیوەندی‌یەكی راستەوخۆ هەیە لەنیوان (با) و حالەتی دەریاكەدا، كە وورد دەبینەوە ئەبینین چوار جۆری سەرەكی‌یە: ١)جۆریكیان ئەتوانین بلیین هیورە.

٢)جۆریكیان پال بەكەشتی‌یەوە دەنیت بەشیوەیەكی ریك و پیك.

٣)دەبیتە رەشەبایەك زەرەو زیانی دەبیت بۆ كەشتی‌یەوانان.

٤)كەشتی‌یەكەو كەشتیەوانان لەناو دەبات و نگرۆیان دەكات.

كە دیینە سەر قورئانی پیرۆز ئەبینین ئەم چوار جۆرە سەرەكیە باس دەكات وە هاوشیوەیی‌یەكی سەیر هەیە لەنیوان ئەو راستیەو ئەو واقعەی كە دەركەوتووە بۆ كەشتی وانان و پسپۆران لەگەل ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزدا (ان یشأ یسكن الریح فیظللن رواكد علی ظهره)[2] نموونەمان هەیە: كەشتی‌یەكە لەناو دەریادایەو دەریا كە هیمنە بایەكە لەو ئاستەدا نی‌یە كە پال بەكەشتی‌یەكەوە بنیت، یاخود دەبینین كە دەریاكە هیمنە ووردە ووردە ووروژاندیك پەیا دەبیت ئەبینین شلەقاندنی دەریاكە زۆر روون و دیار دیتە بەرچاو تا دەگاتە (سەرو ٢٨ تا ٥٥ ) گری‌یە قورئانی پیرۆز وەصفی ئەم حالەتە دەكات و وەصفی حالەتی دەروونی ئەو كەسانەش دەكات كە دووچاری ئەو بارودۆخە دەبن ئەفەرموویت: (جاوتها ریح عاصف وجائهم الموج من كل مكان وظنوا أنهم أحیگ بهم دعوا الله مخلصین له الدین لئن انجیتنا من هژه لنكونن من الشاكرین)[3] ئەو حالەتە كەئیتر رووی دەریاكە دەشلەقیت بەرزو نزم دەبیتەوە بیگومان كەشتیەكەشی نزم دەبیتەوە لەگەلیدا ئەو كەسانەی كەلەناو كەشتی‌یەكەدان ئاسۆ نابینن لەهەموو لایەكەوە تەماشا دەكەن گەمارۆدراون بەشەپۆلی بەرزی ئاو شەپۆكانی شەپۆل دەروون دەوروژینیّ، لەو كاتەدا پەنا دەبەنە بەر خوای گەورەو تەنها لەخوا دەپارینەوە كە خوا رزگاریان بكات لەو بەلایەوە وەك ئاشكراشە كە پیغەمبەر (ﷺ) هەرگیز دەریای نەدیوەوە هەرگیز روباریكیش بە شارەكەیا نەرۆشتووە، حالەتیكی تر هەیە كەشەپۆلەكان زۆر بەرز دەبنەوە وە ئاو لەگەل خۆیاندا دینن

---

[2] الشوری / ٣٣. واتە: ئەگەر خوای گەورە بیەویّ (با) رادەگریت، تا كەشتی‌یەكان لەسەر ئاوەكە لە بزووتن بكەون.

[3] یونس / ٢٢ .

جاری وا هەیە زیخ دەگوازنەوە لەگەڵ خۆیاندا، ئیتر (با)یەکە ئاسایی (سەرو ٥٦ ) گرێیە، بە عەرەبی پیَی دەڵێن: (زوبعە) پێشی دەڵێن: (اعصار) وە ئەمە حاڵەتێکی زۆر زۆر ترسناکە ئەمە گەردەلولە (هاریکن) وە قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت: (فیرسل علیكم قاصفاً من الريح فيغرقكم بما كفرتم)[٤] جا پریشکبارانتان بکات بایەکی تێکشکێنەر (کە ئاوو زیخ و لمی هەڵگرتبێ) لەبەر ناسوپاسیتان نگرۆتان بکات. لەئایەتێکی تردا (وإذا غشيهم موجٌ كالظلل دعوا الله مخلصين لهُ الدين)[٥] تێبینی بکەن: کاتێك کە شەپۆلێکیان بۆ دێت دایان پۆشێت ئیتر فەوتاندیان ١٠٠٪ وە ئەگەر بەووردی سەیری شەپۆلی تێکشکێنەر بکەین دەبینین وەك چەتر وایە، جاری واهەیە وەك سێ چەتری لەسەریەك روو بە کەشتییەك دەوەستنەوە واتە: ئەوەی سەری سەرەوە خیرایەکەی زیاترە لەوەی ناوەراستیو لەوەی خوارەوە ئەو یەکەم جار دەکیشێت بەکەشتییەکەدا کەشتییەکەو ئەوانەی کەلەناو کەشتییەکەدان لەناو دەبات تیبینی ئایەتەکەش بکەین (موج) تاکە بەڵام (ظلل) کۆیە ئەمە وەصفیکی زۆر ووردە لەقورئانی پیرۆزدا کە بریتییە لەحالەتی (گەردەلوول) وە بیگومان ئەمەش دیاردەیەکە زۆر بەدەگمەن روودەدات، بەڵام قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ دەکات، کە خەلکی باوەر بە محمد (ﷺ) بهینین چونکە وەك ئاشکرایە ئەو لەژیانیدا دەریای نەبینیووە.

- قورئانی پیرۆز دەفەرموویت: (مرج البحرين يلتقيان، بينهما برزخ لايبغيان)[٦] واتە: دەریایەك لەگەل دەریایەکی تردا کە ئەگەنەیەك ئاویان تیکەل نابیت لەگەل یەکتردا (بينهما برزخ) واتە: پەردەیەك لەنیوانیاندا هەیە، ئیتر پەردەکە ئاویە یاخود شتی تر گرنگ ئەوەیە ئاوەکانیان تیکەل نابیت، نەخشەیەکی جیهانیمان لەبەردەمدایە هەندیك ناوچە دەبینین کال ترە هەندیك ناوچە تیرەو هەندیکی تر تیرترە ئەمە لە ١٨٧٣ دا ئەم جۆرە لیکۆلینەوانە لەلایەن گروپیك بەناوی (چالبنجەر) کە بەریتانی بوون دەستی پی کردوە (رحلە چالینجەر) لە ١٩٣٣ ئەمریکیەکان سەدان ویستگەی دەریاییان داناوە بۆ (مسح البحار) وە لە ١٩٤٢دا وەك حەقیقەتیك دەرکەوت دەریاکان بریتین لە ناوچە، ناوچە. هەر ناوچەیەك تایبەت مەندی خۆی هەیە، پلەی گەرماکەی جیاوازە لەدەوروبەری، سویرییەکەی جیاوازە لەدەوروبەری، ئەو زیندەوەرانەی کە تیایدا دەژین جیاوازن لەدەوروبەر، (بينهما برزخ لايبغيان) دیواریکی نەبینراو لەو دەریایەدا هەیە نایەلی دوو دەریاکە تیکەل بن، دیین نموونەیەکی نزیك وەردەگرین وەك (جبل گارق) ئەمە گەرووی گارقە بەشی لای راستمان بەنسبەت ئیمەوە ئەوە دەریای ناوەراستەوە لای چەپیش ئەمە دەریای ناوەراستەکە ئاوەکە دیت دەگویزریتەوە بەسەر ئەو گردەدا (جبرالتەرهل) وە دیتە خوارەوە لەم لاوە دەروات، دیتە ناو زەریای ئەتلەسییەوە، بەبی ئەوەی ئاوەکە تیکەل ببیت، لەبەرئەوەی ئەو پەردەیە هەیە (بينهما برزخ) نزیکەی (٤٠٠) مەتر لە قولایی دەریادایە، ئایا پیغەمبەر (ﷺ) رۆشتۆتە ئەودیوو؟!

---

[٤] الاسراء / ٦٩ .

[٥] لقمان / ٣٢ .

[٦] الرحمن / ١٩، ٢٠.

چۆتە (٤٠٠ )مەتر قوولاییەوە تا بۆ خەڵکی باس بکات!! ئەو ئاوەی تر لای چەپ ئەمە زەریای ئەتڵەسییە ئەڕوات بەرەو دەریای ناوەڕاست، بەبێ تێکەڵ بوون (بینهما برزخ لایبغیان) بەڵام لەنێوان روبارێك دەریایەکدا (برزخ) نییە ئەو ئاوە نەتایبەتمەندی روباری هەیە نە تایبەتمەندی دەریا بەڵکو تێکەڵەیەکە ناوچەیەکی ئاوێزان بووە لەنێوان روبارەکەو لەنێوان دەریاکەدا.

لەسالی (١٩٠٠)دا هەندی کەشتیوانی ئەسکەندەنافی بۆیان دەرکەوت کەوا لەقولایی دەریادا، شەپۆلی گەورەتر هەیە لەو شەپۆلانەی کەلەرووی دەرەوەی ئاوەکەدا دەرئەکەون، لەهەمان کاتدا ئاویکی قول هەیە پیی دەوتریت (الما و العميق) یا (البحر العميق) ئەم ئاوە قولە، تاریکە، ساردترە، لە ئاوەکانی سەرەوە، هەتا برۆیتە خوارتر تاریك تر دەبیت وە وردە ووردە رەنگەکان نامینیت، بۆ نموونە: رەنگی سوور تا دەگاتە قولایی ٢٠مەتر ئیتر نامینیت، رەنگی پرتەقالی تا (٣٠) مەترە دوایی نامینیت وە رەنگی زەرد تا ٥٠مەترە وە رەنگی سەوز قول ترە تا ١٠٠مەترە وە رەنگی شین تا ٢٠٠مەترە، دوای ئەو ٢٠٠مەترە شینیش نامینیت واتە دوای ٢٠٠ مەتر هیچ جۆرە رەنگیك نامینیت، بۆ ئەو کەسانەی کە هیچ زانیاری یەکیان نییە لە فیزیادا پییان دەلیین: گەر کەسیك تەماتەیەکی سووری بەدەستەوە بیت برواتە ناو دەریاوە زیاد لە ٢٠مەتر قول بیتەوە دوای ٢٠مەترەکە گەر تەماشای تەماتەکە بکات بە سوور نایبینیت بەلکو بە رەش دەیبینیت وە ئەگەر پرتەقالیکی بەدەستەوە بیت دوای ٣٠مەتر بە رەنگی پرتەقالی نایبینیت چونکە دوای ٣٠مەتر رەنگی پرتەقالەکە هەلدەمژریت، دواتر بە رەش دەیبینیت وە ئەگەر سیویکی زەردی پی بیت دوای ٥٠مەتر بە رەش دەیبینیت وە ئەگەر خەیاریکی پی بیت دوای ١٠٠مەتر بەرەش دەیبینیت وە ئەگەر پیرۆزەیەکی شینی لەپەنجەدا بیت ئەوا دوای ٢٠٠مەتر پیرۆزە شینەکە بەهیچ رەنگیك نابینیت چونکە دەست و دەوربەری هەمووی تاریك و رەشە.

ئینجا قورئانی پیرۆز کە وەصفی ئەم حالە دەکات ئەفەرمویت: (أو كظلمات في بحر لجي يغشاه موج من فوقه موج من فوقه سحاب)[7] ئەگەر فرۆکەیەك لەناو هەوریکەوە بروات، خوارەوەی بەتاریکی دەبینیت (ظلمات)ە گەر بیتە ناو هەورەکانیشەوە بیگومان دەکەویتە نیوان دوو تاریکییەوە، ئایەتە پیرۆزەکە ئەفەروویت: (أو كظلمات في بحر لجي) وەك تاریکییەك لە دەریایەکی قول دا (لجي) واتە: قوول، لەو تاریکییەدا (يغشاه موج من فوقه موج) بەشەپۆلیك داپۆشراوە، وە سەرو ئەو شەپۆلیکی ترە کە شەپۆلی سەر دەریاکەیە وە سەرو ئەویش هەورەکەیە باسمان کرد جا کۆتایی ئایەتەکە دەفەروویت:: (إذا أخرج يده لم يكد يراها)[8] گەر کەسیکیش لەو قولاییەدا دەستی خۆی دەربهینیت نایبینیت ووشەی (يكد) یا (كاد) لەزمانی عەرەبیدا دوو مانا دەبەخشیت: مانایەکیان (بالكاد) زۆر بەزەحمەت، وەمانایەکی تریان: (مستحيل) هەردووبارەکە تۆمارکراوە واتە: گەر لەقولاییەکەدا بیت

[7] النور / ٤٠ .

[8] النور / ٤٠ .

هەندیك شەبەنگ مابیت ئەوە بەزەحمەت دەبینیت وەئەگەر لەقولاییەکی زۆرتردا بیت کە تیشك نەمابی (وەك خوار ۲۰۰مەترەکە) ئەوە هەرگیز نایبینیت، ئایا کی بە پیغەمبەر (ﷺ)ی ووت: کە دەریا بریتییە لە دوو جۆر دەریا یەکیکیان دەریایەکی قوول و تاریك وە گەر دەستی خۆت دەربهینیت نای بینیت بیجگە لەوەی کە ئەم قورئانە (تنزيل الكتاب من الله العزيز الحكيم)[٩] دەرخەری رازی راستییە بۆ ئەو پەیامبەرە (ﷺ).

## بەشی دووەم:

مرۆڤی بی باوەر مرۆڤیکە ئەندیشەی هەیە لەگەل خۆیدا.. ململانێی هەیە لەگەل خۆیدا.. مرۆڤیکی پابەند نییە.. مرۆڤیکە نازانی کی دروستی کردووە.. نازانی بۆچی هاتۆتە سەرزەوی.. نازانی ئەرکی سەرشانی چییە.. وبۆ کوی ئەروات.. لەبەرئەوە مرۆڤیکە ۱۰۰۱ کیشەی هەیە لەگەل خۆیدا بۆ نموونە: کە تووشی نەخۆشییەکی شەکرە دەبیت، دەست دەکات بەگریان، دەلیت: بێ بەشم لەشیرینی، لەیەکی وایە ئامانجی مرۆڤ لەسەر زەویدا پاقلاوە خواردنە، کەسیکی تر نەشتەرگەری پرۆستات دەکات، دەست دەکات بەگریان، چونکە لە چیژی زایەندی بیبەش بووە، لەیەکی وایە پاتکردنەوەی زایەندی ئامانجی ژیانە، لەبەرئەوە ئەو کەسەی کە خالقی خۆی نەناسیت بەراستی بەساناترین شت دەروخیت و دەست دەکات بەگریان.

ئەگەریینەوە بۆ بابەتەکەمان: دوای ۲٤۰م ئیتر تارییکییەکی سەیرە، هیچ شتیك نابینریت، بەلام بەئامیری تایبەتی تەکنۆلۆجیایەکی زۆر پیشکەوتوو ئەگەر برۆینە خوارەوە (وەك زاناکان رۆشتن) بەناو ئەو تاریکییەدا هەزاران مەتر ببرین تا دەگەینە بنی دەریاکە، هەندیك شوین (۷کم) هەندیك شوین (۸ کم) هەندیك شوین ۱۰هەزار مەترە واتە: (۱۰کم)و... زیاتریش، گرنگ ئەوەیە کە دەگەینە بنی دەریاکە چی دەبینین! تروسکاییەك دەبینین کە ئەوەبنی دەریاکەیە ئاخۆ ئەمە چی بیت لەناو ئەو تاریکییەو پاش برینی ئەو تاریکییە!؟ پاش هەزاران مەتر جا دەگەینە شوینیکی لەو جۆرە، تروسکاییەك دەبینین ئەگەر زیاتر نزیك ببینەوە (بیگومان بەئامیر ئەگینا ناتوانین بگەینە ئەوی) ئەبینین ئەو ناوچەیە رۆشن دەبیتەوە، ڕووناك دەبیتەوە، ئەبینین ئاگرە! ئاگر دیتە دەری لەبنی دەریاکەوە! لەگەل ئاودا لەژیر پالەپەستۆیەکی گەورەدا! گەرمی ئاوەکە مەزەندە دەکریت بە (٤٠٠ پلەی سەدی) لە وینەی بەلگەنامەی زانستیدا دەردەکەویت کە ئاگرو دووکەلەکەی بە روونی دیارە، دەرکەوت ئەمە تەنها لەیەك شویندا نییە بەلکو لەهەزاران شوینی جیهاندا دۆزراوەتەوە، لە ئەمریکای باشوورەوە (نەخشەی تایبەتی) هیلی ئاگرەکە دیارە کە بە هەزاران کیلۆمەتر دەروات لەژیر دەریادا، نەخشەی جیهان هەیە کە (ئاژانسی زانستی) گرتوویەتی گەر باش ووردبینەوە وسەیری بکەین هیلی رەشی لەسەر دەبینین کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە ژیر دەریاکاندان ئاگر دیتە دەری، لەوانە: زەریای هندی گرتۆتەوەو دەروات بەرەو زۆر شوینی تر لەجیهاندا بە هەزاران کیلۆمەتر دریژ دەبنەوە تەنانەت دەگەنە کەنداویش وە

---

[٩] الزمر / ١ .

دەڕۆن بەرەو دەریای عەرەب و بەرەو زەریای ئەتلەسیو بەرەو زۆربەی دەریاکانی جیهان تا دەگەنە زەریای هیمن.

ئەو دەریایانە کە هەزاران مەتر قوولن ئەو ئاگرە ناکوژیننەوە!!! ئەمەش راستییەکی زانستییە، زاناکانی رۆژئاوا بەئامیری پیشکەوتوو ئەوانەیان دۆزییەوەو ئەو نەخشانەیان دارشت واتە: لە هەزاران شویندا لەژیر دەریاکاندا ئەم ئاگرە هەیە، جا لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە سویند دەخوات بە بەدیهینراوانی زاتی خۆی وەك: بەرۆژ.. بەمانگ.. بەشەو.. بەعەسر.. بەبەرەبەیان.. بە بەیانیان.. بەکەعبەی پیرۆز.. بە (بیت المعمور).... بەو دروست کراوانەی کە گرنگیان هەیە واتە: سویند دەخوات بەشتیك کە بوونی هەیە.. لەناو ئەو شتانەی کە سویندیان پێ ئەخوا (والبحر المسجور)ە[10] سویند بەو دەریایانەی کە دەسوتینرین، بەو دەریایانەی کە داگیرساون، ئەمە نادیارێك بوو لەلای ئیمانداران، رازێك بوو لەلای تەفسیرکاران، تا ئەم دۆزینەوە زانستییە رووی‌دا ئێستا تەفسیری ئەم سوێنە دەزانین چییە، ئێستا دێینە سەر (والبحر المسجور) لەزمانی عەرەبیدا (سجر) واتە: (أوقد وحرق) واتە: داگیرساند یا سووتاندی، ووشەی (سیجارە) یا (جگەرە) واتە: ئەو شتەی کە دەسووتێنرێت لێدەرهێنراوێکە لە (سَجّرَ).

فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) دەفەرموویێت: (لاتركب البحر إلا حاجاً أو معتمراً أو غازياً فإن تحت البحر ناراً وتحت النار بحراً)[11] واتە: (لەبەر چەند هۆکارێك نەبێت مەچنە ناو دەریاوە، چونکە لەژێر دەریادا ئاگر هەیە وە لەژێر ئاگرەکەدا دەریا هەیە) جاریٰ ئەوە ئاگرەکە دۆزرایەوە، هاتنە دەرەوەی ئەو ئاوە بەو پاڵەپەستۆیە وە بەو پلە گەرمییە ئەگەری ئەوە ئەدات بە دەستەوە کە دەریایەکیش هەبێت لەژێر ئەو ئاگرەدا، کاتێك کە سەیری نەخشەی جیهان دەکەین بۆمان دەرئەکەوێت کە گۆی زەوی تەنها ئەو توێژانەی سەرەوەی نەبێت کەچەند سەد کیلۆمەترێکە ئەو هەموو بوونەوەرە لەسەری دەژیو وشکانییە لەگەڵ ژێر دەریاکانیش ئەگینا دەبینین ئەوی تری بریتییە لە دەریایەك لەئاگر، وێنەی تر هەیە ئەوەمان پیشان دەدات ئەو ئاگرە جاری وا هەیە شەپۆلەکانی دەگاتە سەرەوە، لەبنی دەریاکەوە ئاگرەکە بەرز دەبێتەوەو جاری وا هەیە لەروی دەریاکەوە دەردەپەڕێت گڕو بڵێسەکەیو دوکەڵەکەی زۆر بەئاشکرا دەبینرێت، ئەم روداوە کە ڕوودەدات دەبێتە هۆی دروست بونی شەپۆلێکی زۆر ترسناك وە زۆر جار بومەلەرزەیەکی لەگەڵدا دەبێت وەك ١٠٠سال لەمەوبەر لەناوچەی هندستاندا رووی‌دا ئەو شەپۆل وگڕە بوو بەهۆی لەناوبردنی (٦٥٠٠٠ ) کەس، ئەو شوێنەی کە ئاگرەکەی لیٰ هاتە دەرەوە کەشتییەکی سەربازی لیٰ بوو کە پڕبوو لەسەرباز بەهۆی پاڵەپەستۆی ئەو شەپۆلە بورکانییەوە هەڵیدا بووە سەر چیایەك ئێستاش شوێنەواری ماوە.

ئەمە نموونەیەکە خوای گەورە پیشانمان دەدات بەچاوی خۆمان ببینین ئەمە راستییەکەو لە سەرچاوەی زانستیدا تۆمارکراوە، لە فلیمی سینەماوە وەرنەگیراوە، هەمووی

[10] الطور / ٦.

[11] رواه أبو داود / جهاد ت٩ / م٩ / رقم الحديث ٢٤٨٩، باب ركوب البحر، قال ابو داود هذا حديث ضعيف جدا، سنن ابي داود / ج٢ ص٢٠٨ ، حديث / ٢٠١٤، ط دار الكتب العلمية .

باوەڕ پێکراوە، ڕۆژێکیش دێت کە هەموو دەریاکان و زەریاکان بەو شێوەیە دەسوتێن وەك قورئان دەفەرموویێت: (وإڑا البحار سجرت)[12] ڕۆژێکیش دێت، لە ڕۆژی دواییدا کە هەموو دەریاکان وەك ئەو حاڵەتەیان لێ دێت.

فەرموودەیەکی تری پێغەمبەر (ﷺ) هەیە کە دەفەرموویێت: (من ڨلم قید شبرٍ گوقهُ یوم القیامه من سبع ارچین)[13] ئەو کەسەی کەبستێ زەوی داگیر بکات (نافەرموویێت دوکانێك یان خانوویەك) لەهەر کەسێك بەناهەق خوای گەورە لەقیامەتدا دەیخاتە ناو حەوت چینی زەوییەوە. ئەم حەوت چینە زەوییە گەمارۆی دەدا واتە: زەوی بریتییە لە حەوت چین، زاناکانی ڕۆژئاوا نەخشەیەکیان کردووە بۆ چینەکانی زەوی کە بە هەمان شێوە حەوت چین دەرچووە.

لەکۆتاییدا دەڵێین: قورئانێکە هەموو ووشەکانی لەلایەن خوای گەورەوە نازڵ بووە (جل جلاله)و بەئەمینی ئاسمانداو بە سەرداری فریشتەکاندا ناردوویەتی بۆ ناو دڵی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دڵەی کە خوای گەورە پاراستویەتی لەهەڵە کردن لەبیرچوونەوە (لاتحرك بە لسانك لتعجل بە إن علینا جمعهُ وقریٔنه)[14] هیچ پەلە مەکە لەخوێندنەوەی قورئاندا، ئێمە بۆت کۆدەکەینەوە و ناهێڵین بیرت بچێتەوە.

---

[12] التكوير / ٦ .

[13] رواه البخاري / كتاب بدء الخلق / مسلم، مسافات ١٣٧ - ١٤٢ .

[14] القيامة / ١٦، ١٧.